چیڕۆکی کوردی و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەك!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

چیڕۆك، وەك ژانڕێكی هونەری نوێ و هاوچەرخ، مێژووێكی درێژی نییە و سەرەتاكانی دەركەوتنی لە ئەدەبی جیهانی، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەرێتەوە و لە ئەدەبی كوردیشدا، هێشتا تەمەنی دەركەوتنی ئەو ژانڕە، لە هەشتا ساڵێك تێپەڕی نەكردووە، ئەمەش پەیوەست بە چیڕۆكی لە خەومای جەمیل سائب، بەڵام چیڕۆكی فۆلكلۆری و میللی كە دەچنە خانەی ئەدەبی سەرزارەكییەوە، مێژووەكەی بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و ئەم ژانڕە، تایبەتمەندییەكی نەتەوەیی جیاوازی هەیە و چیڕۆكی میللی و حیكایەتی كۆن، ڕەنگدانەوەی واقیعی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەكانە. لەو ڕوانگەیەوە، لە ئەدەبی كوردیش، چەندین داستانی كۆن و چیڕۆكی كۆنی كوردەواری هەن، كە تێماكانیان لە ئەفسانە و پاڵەوانسازیی و ڕووداوی خەیاڵی پێكهاتووە و تاكو ئێستاش ماونەتەوە و لایەنێكی گرنگی ئەدەبی سەرە زارەكی و نەنووسراو پێكدەهێنن، كە هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی نەتەوەیی ئێمە، لە ڕێگەی گێڕانەوە نەوەی دوا نەوە ماونەتەو□. ل□□ر□وەش ئێمە لە بەردەم دوو جۆر ژانڕی جیاواز داین، كە ئەوانیش چیڕۆكی میللی و كۆن، لەگەڵ چیڕۆك بە مانا هونەری□كەیەتی واتا چیڕۆكی نوێ و هاوچەرخ. لە نێوەندی ئەدەبی كوردیدا، بە تایبەتیش لە میانەی ئەو باس و توێژینەوانەی لە بارەی چیڕۆكی هاوچەرخی كوردی دەنووسرێن، بەردەوام هەڵەیەكی گەورە دەكرێت ئەویش ئەوەیە، كە مێژووی سەرهەڵدانی هەردوو ژانڕەكە تێكەڵ دەكرێت و كاتێ لە بارەی چیڕۆكی نوێوە دەدوێن، باس لەوە دەكەن كە هەزاران ساڵە ژانڕی چیڕۆك لە ئەدەبی كوردیدا هەیە، كە لە ڕاستیدا و بە شێوەیەكی ڕەها، ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە، چونكە ناكرێ ئەم دوو ژانڕە تێكەڵ بكرێن. مامۆستا فەرهاد شاكەلی، لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی (گێڕانەوەی مۆدێرنی كوردی) چیڕۆكی نوێی كوردی، بە گێڕانەوەی مۆدێرن ناساندووە، بەمەش جۆرە دابڕانێكی مێژوویی و فەرهەنگی و زمانی لە نێوان ئەم دوو ژانڕەدا كردووە، بەو مانایەی هەموو ئەو چیڕۆكانەی بەرلە چیڕۆكی لە خەوما و هەروەها ئەوانەشی لە سەرەتای سەدەی بیست نووسراون، دەچنە خانەی چیڕۆكی هونەری نوێی كوردی و بەرلەو

قۆناغە، چیڕۆکی کۆنی کوردەواری هەیە. تەنها مامۆستا شاکەلی، ئەو هەڵەیەی ڕاستکردۆتەوە و درکی بەوە کردووە، کە ئەم دوو ژانڕە نا بێ تێکەڵ بکرێـــن، کەچـــی بەردەوام ئەو هەڵەیە لەلایەن تـــوێژەران و ئەکادیمیانی بواری چیڕۆك دووبارە سەد بارە دەکرێتەوە، کە ئەمەش جۆرێـك لە نـاڕوونی وپۆلێنبەنـدی لە دیـاریکردنی مێـژووی هەردوو جۆرەکەی چیڕۆك دروست دەکات و تێکەڵکردنیان لە ڕووی مێژووییەوە هەڵەیە، چونکە ئەم دوو جۆرەی چیڕۆك، دوو ژانڕی سەربەخۆ و جیاوازن و لە ڕووی ناوەڕۆك و تەکنیك و فۆڕمی هونەرییەوە پەیوەندیان بە یەکترییەوە نییە.

*ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی هەولێـــر ژمـــارەی ڕۆژی 12/4/2026 بڵاوکراوەتەوە.